**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**
**ژمارە ١٦٨٤٠ لە ٢٠١٣/١٠/٣٠**

## ڕێنمایی ساڵی ٢٠١٣
## ڕێنمایی تایبەت بەبریاری سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران

**پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠٨١ لە ٢٢ / ٨ / ٢٠١٣ ) وە بە مەبەستی جێ بەجێ بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ٩٠٥٢ لە ١٧ / ٨ / ٢٠١١ ) بۆ ڕێکخستنی مولکداری لە سنوری ئەو گوندانەی بەر فراوان کردنی سنووری شارەوانی سلێمانی دەکەون بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەو خانوانەی بە زیادەڕەوی لە سنوری ڕاستێنراوی ئەو گوندانەی دەوروبەری شاری سلێمانی بیناکراون یان ئەو زەویانەی دەستیان بەسەر داگیراوە لە لایەن هاولاتیانەوە ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد :-**

**١- بەشی ماستەر پلان لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی پێویستە بە سوود وەرگرتن لە تازەترین وێنەی ( Sat.Emage) (کۆتایی ساڵی ٢٠١١) کە لەبەردەستدایە . واقع حاڵی ئەو خانوانە کە دروست کراون دیاری بکات لەسەر کۆپی وێنەی سەتەلایەتی تایبەت بە هەموو ئەو گوندانەی دەکەونە سنوری ماستەر پلانی شاری سلێمانی کە ژمارەیان ( ٧٥ گوندە ) وە هەر گوندێك بە (٥) کۆپی ئامادە بکرێت و مۆر و ئیمزا بکرێت و وێنەکان بەم شێوەیە دابەش بکرێت .**

- **(٢) کۆپی لە بەشی ماستەر پلانی بپارێزرێت .**
- **(١) کۆپی بە نووسراوی فەرمی دەنێردرێت بۆ پارێزگای سلێمانی .**
- **(١) کۆپی بۆ شارەوانی پەیوەندی دار .**
- **(١) کۆپی بۆ بەشی زیادەرەوی .**
- **(١) کۆپی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەخشە دانانی ئاوەدانی سلێمانی .**

**٢- پێویستە خاوەنداریەتی ئەو خانوانە کە لە وێنەی سەتەلایتدا بە پێ ی واقع حال دەردەکەوێت دیاری بکرێت لە لایەن لێژنەیەکی تایبەت کە پێکدەهێنرێت لە لایەن پارێزگای سلێمانیەوە بە پێ ی ئەو ژمارانەی ( ترقیم ) کردنەی بەشی ماستەر پلان لەسەر وێنەی سەتەلایەت دیاری دەکات و بە لیستێکی ڕاستێنراو لە لایەن لێژنەکەوە بنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە پێویستە بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێکی پارێزگای سلێمانی بێت کە پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت و ئەندامێتی نوێنەری شارەوانی سلێمانی و بەرپوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی سلێمانی و قائیمقامیەتی قەزای مەڵبەند یان ( ناحیەی تایبەتمەند ) پشتگیری ئەنجومەنی گوند .**

٣- پێویستە لەسەر بەشی ماستەر پلان بەسوود وەرگرتن لە نوێترین وێنەی سەتەلایت کە لە بڕگەی (١) ئاماژەی پێدراوە و وێنەی هەوای (Arial Photo) کاری بەپەلەبکەن بۆ ئامادە کردنی نەخشەی جیاکراوەی زەوی گوندەکان و مامەڵەکردنی ئەو گوندانە وەك گەرەکی نوێ و بەستنەوەی بە سێکتەرەکانی دەوروبەری بە شێوەیەك ڕەچاوی واقع حاڵی ئەو خانوانە بکرێت کە دروستکراون و بگونجێندرێن لەگەڵ نەخشەکەدا وە ئەگەر پێویستی کرد ڕاستکردنەوەی بۆ بکرێت و ئەو خانوانە و زەویانە دەستنیشان بکرێت کە ناگونجێت لەگەڵ پێداویستیەکانی نەخشەسازی ناو گوندەکان و لەهەمان کاتدا شوێن و ڕووبەری گونجاو دەستنیشان بکرێت بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی پێویستن و ڕەچاوی ستاندەرەکانی ماستەرپلان بکرێت لە ڕێژەی سەوزایی و ژمارەی خزمەتگوزاری پێویست بەهەموو جۆرەکانیەوە.

٤- ئەو زەویانەی دەمێننەوە لە نێوان ئەو خانوانەی کە دروست کراون , پێویستە نەخشەی جیاکراوەی بۆ ئامادەبکرێت و لەسەر هەمان وێنەی سەتەلایتی گوندەکە دابەزێنرێت و ترقیم بکرێت بە مەبەستی یەکلایکردنەوەی خاوەنداریەتی (دەستداری ) لەلایەن هەمان لیژنەی ئاماژە پێدراوەی خاڵی (٢) ی سەرەوە.

٥- سنووری ڕاستێنراوەی ( مصدق ) ئەو گوندانەی لە لایەن لیژنەی تایبەت لە پارێزگای سلێمانی بەکاردەهێنرێت تەنها بۆ ( حصر ) گەمارۆی زیادەڕەوی و یەکلایکردنەوەی ( دەستداری ) وە بە هیچ شێوەیەك دیاریکردنی ئەو سنوورە لە لایەن لیژنەکەوە بە مانای ڕێگەپێدان نایەت بۆ مامەڵکردن بەو زەویانەوە و تەرخانکردنی لە لایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە بۆ هەر مەبەستێك بێت

٦- پێویستە لەسەر شارەوانی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی بەشی زیادەڕەوی بنکەی پۆلیسی شارەوانی چاودێری بەردەوامی ئەو گوندانە بکات و دروستکردنی هەر بینایەك بە بێ مۆلەتی شارەوانی ڕابگیرێت و لابەرێت بەبێ گەرانەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی و پێویستە ئەم اجرائاتانە لە سەرەتای سەرپێچی هاوڵاتیەوە ئەنجام بدرێت لە قۆناغەکانی ڕەنگ ڕشتن و بناغە دروستکردن و چینەکانی سەرەتای دیوار بە پێچەوانەوە فەرمانبەری کەم تەرخەم لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت .

٧- بە هیچ شێوەیەك داواکاری و اجرائاتی فراوانکردنی سنوری گوند وەرناگیرێت و کاری پێناکرێت بەڵکو گشت گوندەکانی سنووری ماستەرپلانی سلێمانی مامەڵەی گەڕەکێکی شاری سلێمانی لەگەڵدا دەکرێت.

٨- بەشی ماستەر پلان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی یاسا , گشت ئەو زەویانەی کە دەکەوێتە سنووری گوندەکان (ناو گوندەکان و دەوروبەری ) بەپێ ی پێویست دیاری دەکات بە نووسراوی فەرمی دەنێردرێت بۆ (ب.گشتی کشتوکاڵ) بە مەبەستی کوژاندنەوە یان دەست لێهەڵگرتن تۆمارکردنیان بە ناوی شارەوانی سلێمانییەوە.

٩- پێویستە لە سەر بەشی ماستەر پلان ڕیزبەندی گرنگی ( اولویت) دابنێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەپێی گرنگی و گەورەی و نزیکی گوندەکان لە شاری سلێمانییەوە یان ژمارەی دانیشتوان .

١٠- پارێزگای سلێمانی بە هەماهەنگی قائیمقامیەتی قەزای مەرکەزو ناحیەکان ئەو گوندانە دیاری دەکەن کە تا ئیستا ئاوەدان نەکراونەتەوە و دوورن لە سەنتەری ئاوەدانی و ڕێگە نەدرێت بە ئاوەدانکردنەوەیان بەڵکو قەرەبوو کردنەوەیان بە زەوی نیشتەجێ لەو سێکتەرانەوە کە زەوی ئیفراز کراوی شارەوانی تێدایە ( لە نزیکترین سێکتەرەوە ) .

١١- دوا نەخشەی ئامادەکراو بە پێ ی ئەم مەرجانەی کە لە خاڵەکانی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە دەخرێتە بەر دەست ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بۆ پەسەند کردنی .

١٢- أ. ئەو کەسەی ئەحکامەکانی بڕیاری ژمارە ( ٩٠٥٢ لە ١٧ / ٨ / ٢٠١١ ) دەیگرێتەوە بە سوودمەند هەژمار دەکرێت وە نابێت پێشتر نە خۆی نە خێزانی و نە منداڵە ناکامەکانی سوودمەند بوبێت لە وەرگرتنی زەوی یان یەکەی نیشتەجێ ی سەر بەخۆ .

ب . زیادەڕۆی یان پاشەنشینی ( وارث )ی شەرعی مافی ئەوەی هەیە داوای تەملیك کردنی خانووەکەی بکات بەمەرجێك خانووەکەی لە پێش (١/ ١/ ٢٠١١) دروست کرابێت ودەبێت لەبەر ڕۆشنایی بڕگەکانی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ئیدارەی سلێمانی پێشوو ژمارە (٢٤١ی ساڵی ١٩٩٩) درێژکردنەوەی کارکردن بە ئەو بڕیارە بۆ مەبەستەکانی بڕیاری ژمارە(٩٠٥٢ لە ٢٠١١/٨/١٧)

ج . پێویستە خاوەن داوا یان زیادە ڕۆکار داواکاریەك ئاڕاستەی شارەوانی سلێمانی بکات لە ماوەی سێ مانگ لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بە مەبەستی ئەنجامدانی کارڕایی ئسولی و ئەگەر لەو ماوەیەدا داواکاری پێشکەش نەکات مافی دەفەوتێت و خانووەکەی یان زەویەکەی تۆماردەکرێت بە ناوی شارەوانی سلێمانی .

د . بە مەبەستی تۆمارکردنی زەویەکان و خانووەکانی بە ناوی ئەو کەسانەی کە بڕیاری سەرەوە دەیانگرێتەوە ئەوا بڕی ( ٥٠٠ , ٧ ) حەوت هەزار و پێنج سەد دینار بۆ هەر مەتر دووجایەك لە خاوەن داوا یان زیادەڕۆکار وەردەگیرێت تا ڕووبەری ( ١٥٠ ) سەد و پەنجا مەتر دووجا ئەوەی کە دەمێنێتەوە بە نرخی بازرگانی پێ ی دەفرۆشرێت .

١٣- أ . هەر کەسێك لە دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٩٠٥٢ لە ١٧ / ٨ / ٢٠١١) زیادەڕەوی بکات سەر زەویەکانی دەوڵەت ئەوا سزا دەدرێت بە پێ ی یاسا .

ب . ئەو کەسانەی مامەڵە دەکەن بە زەویە کشتوکالیەکانەوە سزا دەدرێن و ئیجرائاتی یاسایی لە دژیان دەگیرێتە بەر و ڕەوانەی داواکاری لێکۆلینەوە دەکرێن .

ج . نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زار هەمان ئیجرائاتی بڕگەی (ب) یان لەگەڵ دەکرێت سەرەڕای داخستنی نووسینگەکانیان و وەرگرتنەوەی مۆڵەتەکانیان .

١٤- بڕیاری ژمارە ( ٩٠٥٢ لە ١٧ / ٨ / ٢٠١١ ) تەنها ئەو گوندانە دەگرێتەوە کە هیچ کێشەیەکی نیە لە ڕووی یاسایی یان فەنی نابێت فراوانکردنەکە بە ڕێگەی ناشەرعی و بە سوود وەرگرتنی تایبەتی لە سەر بەرژەوەندی گشتی ئەنجام درابێت .

١٥- کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێت هاودژ بێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە .

١٦- ئەم ڕێنماییە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بلاۆکردنەوەی لە وەقائعی کوردستان .

ئەندازیار
دلشاد شهاب حاجی
وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار